## نۆگوڵ وەهاب زادە
## هونەرمەندێکی بەهرەداری کورد

ئەنوەر سوڵتانی
٢٠٢٣/١/٢٧



نۆگوڵ خانم بە حیسابی کۆمەڵگای نەریتیی کوردستان پێکهاتەیەکی سەمەرەیە، باوەکوو لە جیهانی بێ سنووری ئەمڕۆدا ئاوێتەیەکی ئاسایی و هاوشێوەی ملیۆنان کەسی دیکە دەنوێنێت:

- منداڵی دایک و باوکێکی سەردەشتییە
- لە ساڵی ١٩٨٧لە شاری تەورێزی ئازەربایجان هاتۆتە جیهان
- لە غەریبایەتیی ئەو گەورەشارەدا گەورە بووە و خوێندوویەتی
- لە شارێکی تورک زماندا بە زمانی فارسی خوێندوویەتی و لەماڵەوە بەکوردی قسەی کردووە
- بەکالیۆری میعماریی لە زانکۆی تەورێز و ماستەری لە زانکۆی تاران وەرگرتووە
- بە کوردی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی دەدوێت، دەنووسێت و شیعر دەڵێ
- هونەرمەندێکی بەرپرسە و وێنە و کاریکاتێری پڕ واتا دەکێشێتەوە
- ئێستا لە وڵاتی کانادا دەژی
- دوای هەموو ئەوانەش، تا مۆخی ئێسقان کوردە و بە خەمی ناتەواوییەکانی گەلەکەیەوە دەناڵێنێت.

تۆ بڵێی "دی ئێن ئەی" کەسایەتییەکی ئەوتۆ، بەتایبەت دوای پەیوەندی ژن و مێردایەتیی دواڕۆژی، چی پێشانی منداڵانی جیهانی دوای ئێمە بدات و بە کێ و کوێوەی ببەستێتەوە جگە لە واتای گشتیی مرۆڤایەتیی و خاکی گشتگیری دایکە زەوی- خۆ ئەگەر بۆمبای ئەتۆمی و شەڕی نەوت و چەکفرۆشی و داگیرکەری و بنەبڕ کردنی دارستان و کۆبوونەوەی زبڵ و پلاستیکی ناو ڕووبار و دەریا هەر لە بنەڕەتدا دەرەتانی هاتنی ئەو دواڕۆژە بە دایکە زەوی بدەن و بە "بیگ بەنگ"ێکی دیکە وەک فیشەکە شێتە بەگژ مانگ و ئەستێرەکانیدا نەکەنەوە!

نۆگوڵ، بەو تەمەنەوە، بەسەر دەیان کۆسپی گەورەی ژیاندا زاڵ بووە؛ سروشت بە چەشنە خاوییەتی جووڵەی جەستەییەوە خوڵقاندوویەتی[١] بەڵام ئەو گرفتەی بە ڕادەیەکی بەرز لە عەقڵ و کەماڵ و

---

[١] Cerebral Palsy

تێگەیشتوویی و هەستیاری و توانای هونەری بۆ قەرەبوو کردۆتەوە؛ دایکی میهرەبانی خۆی لە تەمەنێ گەنجیەتیدا لێ سەندۆتەوە، لە غەریبایەتی گەورەشاری تەورێزەوە ناردوویەتە غەریبایەتی گەورەوڵاتی کانادا؛ بەڵام گەورەییەکەی لەوەدایە هیچکام لەو گرفتانە چەواشەیان نەکردووە و ڕێبازیان لێ نەگۆڕیوە. نۆگوڵ سەرەڕای تەنگ و چەڵەمەی تاکەکەسیی خۆی، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر چۆتە قووڵایی کێشە گەورەکانی مرۆڤەوە، لە خەمی حیجابی زۆرە ملێی ژنانی ئێران و بێ دەرەتانیی کۆڵبەری کوردەوە گەیشتۆتە لووتکەی ژینگە پارێزی بۆ هەموو مرۆڤایەتی و تەنانەت پێی ناوەتە بوارێکەوە کە تا ئەمڕۆ هیچ هونەرمەندێکی کورد ئازایەتی لێ نزیک بوونەوەی نەبووە: ئەو داوای مافی دیاریکردنی ناسنامەی تاکەکەسیی بۆ هەموو مرۆڤێک دەکات و لە کاریکاتیرێکدا ماسکی ڕواڵەتی لەسەر مرۆڤ هەڵدەگرێت و دەیکاتە ئەوەی وا کەسەکە خۆی دەیەوێت و لەژێریدا بە ئینگلیزی دەنووسێ:

**"کۆتایی حەشاردانی ناسنامەی مرۆڤ"**

لێرەدا، باوەکوو تەرکیزی سەرەکی لەسەر ژنە، بەڵام هەویە و ناسنامە هی تاکە نەک کۆمەڵ، ئازارەکە هی پیاو و ژن لە پانتایی زەویدا یەکسان و هاوشێوەیە:




An end to Hide Human Identity

نۆگوڵ لە ڕێگەی نووسین و هونەری وێنەگەرییەوە ناڕەزایی خۆی لە بەرانبەر ئەوە زوڵمە گەورەیە دەردەبڕێ کە ئێستا لە ژنانی ئێران بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانیەوە دەکرێ و داوا لە ژنان دەکات پەچە و حیجابی نەخوازراو لابدەن، لە ژێریدا بە فارسی دەنووسێ:

**"حیجابەکەت فڕێ بدە بۆ ئەوەی وەک بای بێ دەربەست ئازاد بی!"**

لێرەدا ڕووی لە هەموو ژنانی ئێرانە و دەریدەخات کە وەک هەموو مرۆڤێکی دیکەی ئەم جیهانە دژ بەو نەزم و نیزامە وەستاوە کە مەلاکانی ئێران لە ئەشکەوتی هەزاران ساڵەی خۆیان هاتوونەتە دەرەوە و ئێستا بەڕێوەیدەبەن، حوکمێک کە تەنیا شیاوی مێشکی پووچەڵی خۆیانە.

نۆگوڵ لە چوارچێوەی ئێراندا دۆخی کوردیش دەبینێ و دەیناسێتەوە. ئەو وەک تاکێکی کورد شارەزای هەلومەرجی گەلەکەی لە ئێرانە و دەزانێ چ زوڵمێک لە خۆی کراوە بەوەی ٣٠ ساڵە نەیانهێشتووە بە کوردی بخوێنێ و بنووسێ. ئێستا لە دوورە وڵاتی خەریکی قەرەبوو کردنەوەی ناتەواوییەکەیە و بە کوردی دەنووسێت و لە نووسراوە فارسی و ئینگلیزییەکانیشدا بانگەوازی کورد بوونی خۆی بڵاو دەکاتەوە بێ ئەوەی جیهان بینی و هەست و شعووری مرۆڤانەی خۆی بکاتە قوربانی:

***من ژنێکم،***
***دوو چاو ودڵێک و دەمێکم هەیە***
***منیش خاوەنی هێزی بیر و بڕیار بۆ خۆم و بۆ جیهانم***
***منیش بە ڕووتی لەدایکبووم، ڕاست وەک تۆ!***
***سەرم داناپۆشم***
***بۆ مانەوەی خۆم نیقاب ناخەمە سەر ڕوخسارم***
***نابمە قوربانیی دەستی توندوتیژی***
***ناسنامەی خۆم ناشارمەوە***
***بوونی خۆم ئینکار ناکەم***
***چونکای من ژنم،***
***ژنێکی کورد!***

نۆگوڵی هونەرمەند کاتێ کە هاواری کوردبوونی خۆی دەکات، دەکەوێتە بیری مەزڵوومترین توێژی کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ کۆڵبەری هەژار فرمێسک دەڕێژێ و بەم شێوەیە کۆڵبەری کورد بە خوێنەری فارس دەناسێنێ:

**"کۆڵبەران خەڵکانی خوێندەوار و هونەرمەندن کە بەهۆی نەبوونی دەرەتانی ئیش وکارەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گیانیان دەخەنە بەری دەستیان وسەرەڕای ئەستەم بوونی سروشتی ناوچەکە و مەترسیی هێزە ئەمنییەکانی سەر سنوور، کە تەقەیان لێدەکەن و بە دەستەقەسد دەیانکووژن، لەپێناو بەردەوامبوونی ژیانی خۆیان و کەسوکاریان ئەو مەترسییە گەورەیە هەڵدەبژێرن...."**

هەر ئەو هەستە ئینسانییەش لە کاریکاتیرێکدا دەردەبڕێ کە تێیدا تانگ و فڕۆکەی تورکیا و تفنگچییانی ئێران لە چیاکانی سەر سنوور بێ بەزەییانە هێرشیان دەکەنە سەر و دەیانکووژن، بێ ئەوەی بەو کۆڵەبارە قورسانەوە دەرەتانێکیان بۆ دەرباز بوون و پاراستنی خۆیان هەبێ.

ئەوە کاریکاتیری کۆڵبەرانی کوردی بەشێک لە کوردستان لەسەر سنووری دەستکردی دوو بەشی دیکەی، کاری هونەرمەند نۆگوڵ وەهاب زادە، بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا کاری زیاتری لێ ببینین:


NOGOLVh 2022